# کۆمۆنیزمی کرێکاریو
# دادگایی صدام حسینو سەرانی بەعس!

سامان کەریم Zaryak@yahoo.com

مەکتەبی سیاسی حزب لە ناوەراستی مارسی ئەمسالّدا، بڕیاری دا لەسەر بەللگەنامەیەکی پر بایەخ لە پەیوەند بە داواکاری دادگاییکردنی صدام حسینو سەرانی رژێمی بەعس. لە کاتی خۆیدا لەژمارە 83ی ئۆکتۆبەردا ئەم بەلگەنامەیە بلاوبۆتەوە.

ئێستا دوای ئەوەی کە صدام حسین وسەرانی بەعس یەکجار ڕوبەرووی دادگایی لێکۆلینەوە بونەتەوە، لەبەرانبەر ئەمەشدا کە کەنالی تەلەفیزیونی العراقیە چەند بڕگەیەکی بلاوکردەوەو دواتر لەلایەن هەموو کەنالّە ئاسمانیەکانی ترەوە دوبارە نیشاندرایەوە، هەلوێستی جیاواز بەرانبەر بە دادگاییکردنەکەو شێوەو پرنسیبی دادگاییکردنەکە لەلایەن هێزو بزوتنەوە جیاوازەکانەوە خرانە ڕوو، لەلایەکی تریشەوە ئیمەش وەکو حزب لەم بارەوە چەند هەنگاویکمان ناوە بەتایبەت لەکوردستان. لیرەدا جیگای خۆیەتی کە بوچونو سیاسەتە جیاوازەکان لەپەیوەند بەم مەسەلەیەوە تاوتوێ بکەین لەهەمانکاتدا بۆ من رۆشنکردنەوەی لایەنەکانی دەعوانامەی مەکتەبی سیاییە، کە هەندێ لایەنی کۆمۆنیزمی کرێکاری تێدا رۆشن دەبێتەوە لە پەیوەند بە "تاوان" یان " چ کردەوەیەك تاوانە؟" هەروەها دادگاییکردنو پرنسیبی دادگاییکردن کە کەمتر چوینەتە سەر رۆشنکردنەوەی لایەنەکانی وهەروەها مەسەلەی سزای ئیعدام.

### *داداگاییکردن، پەیامە بە کۆمەلّ

هەر داداگاییکردنێك لە دادگادا، بە هەمان شێوەی شانۆگەرییەك دەیەوێت پەیامێك بدات بە کۆمەلّ. شانۆیەك دەیەوێت بەهۆی دەقو نمایشی ئەکتەرەکانو دەرهێنەرەوە پەیامێك بدات بە ئامادەبوان جا پەیامێکی ئینسانیو پێشکەوتنخواز یان پەیامێکی کۆنەپەرستانەو دواکەوتوو، بەهەمان شێوە داداگاییکردن هەمان شێوازی هەیە،

لەرێگای یاسایەك كە داداگایی پێدەكرێتو دادوەرەكانو كەشو هەوای دداگاییەكە بەجیا لەیەك خاڵ ئەویش نهێنی بونی دادگاییكردنەكە یان ئاشكرا بونی، چونكە شانۆی نهێنیمان نیە.... سزای زیندانیكردنی "دز" ێك لە لایەن دادگاوە كە نمونەی زۆرە بە چەند ساڵ زیندانی تەواودەبیت لە زۆربەی حالەتەكاندا، پەیامو سزایەك نیە تەنها "تاوانبار" بگرێتەوە، ئەوەندەی بۆ یاساو حكومەتی مەوجود گرنگی هەیە گەیاندنی ئەو پەیامەیە بە كۆمەڵ وە بەخەڵك، بۆ ئەوەی لەم رێگایەوە پێیان بلێت هەركەسێك دەست درێژی بكاتە سەر "خاوەندارێتی" كەسێكی تر ئەوە چارەنوسیەتی. بەهەمان شێوە كوشتنی ئینسانێكو سزاكەی، دەیەوێت لەم رێگاوە بەخەڵك بلێت كە كوشتنی ئینسان قەدەغەیەو كەس بۆی نیە ئینسانێكی تر بكوژێت، یان بۆنمونە لە یاسای حكومەتی بەعسدا كوشتنی ژن لە ژێر ناوی "پاراستنی ناموس"دا ریگا پیدراوبوو بۆ باوكو براو مامو ئاموزا، دادگا لەم رێگایەوە كە تاوانبارو بكوژی ژنەكە ئازاد دەكات دەیەوێت بە كۆمەل بلێت ئیوە بۆتان هەیە كە ژن بكوژن ئەگەر "تاوانی ناموسی" كرد... بەم شێوەیە داداگاو یاساو پرنسیبو شێوەی دادایكردن ڕوانگەو نەهجێكە، كە هەر بزوتنەوەیەكی كۆمەلایەتی وهیزەكانی لێكدانەوەو بۆچونی جیاوازیان هەیە دەربارەی، كە ڕاستەوخۆ تێروانینی ئەو بزوتنەوەو هێزانە نیشان دەدات سەبارەت بە جێگاو رێگای ئینسان لە سیستەمی فكریو سیاسیاندا.

بەلام صدام حسێنو سەرانی بەعس "تاوانبار"انێكی تایبەتن، خاوەنی گەورەترین مەلەفی سەركوتو كوشتو كوشتار و بێ مافكردنی خەلكن، بەم پێیە دەعوایەك كەلەسەریانە دەعوانامەیەكی كۆمەلایەتی فراوانە زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی عێراقو تەواوی ئازادیخوازانی دنیا دەگرێتەوە، بەمانایەكی تر دەتوانین بلێین صدام تاوانبارێكی گەورەی بەردەم كۆمەڵگای بەشەری هاوچەرخی ئێمەیە، هەر چۆن هیتلەر تاوانبارێكی نێوخۆی ئەلمانیا نەبوو بەتەنها، ئاواش صدامو سەرانی رژێمەكەی تاوانبارێكن لەبەردەم داداگای عادلانەی كۆمەڵگای بەشەری ئەمرۆدا. بەلام ئەو حوكمە گشتیەی سەرەوە بەهەمان شێوە دادگاییكردنی ئەوانیش دەگرێتەوە. نەك هەر ئەوە بەلكو بەحوكمی ئەوەی كە تاوانباریكن لە جۆرێكی تایبەت، وە لەهەلومەرجێكی تایبەتو دیاریكراوی وەك ئەمڕۆی عێراقدا دادگایی دەكرێن، ڕاستەوخۆ ئەم مەسەلەیە دەكاتە مەسەلەیەكی سیاسی گەورەی ئەمرۆی كۆمەلگای عیراقو بگرە ناوچەكەش هەربۆیە حەساسیەتی داداگایكردنو پرنسیبو شێوەی بەرێوەبردنی داداگاییەكەو جۆری سزایەك كەدەدرێت پێش ئەوەی یاسا گەلێك بن مەسائیلی سیاسی گرنگن كە بەشێوەیەكی راستەوخۆ كاریگەری دادەنێت لەسەر دەسەلاتی ئایندەی عێراقو جۆرو پێكهاتەی دەسەلاتەكەو یاساو دەستورێك

که دەیباتە ڕێوە. ئەمەریکا دەیەوێت لە ڕێگای داداگاییکردنی صدامو سەرانی ڕژێمەکەیەوە پەیامێك بدات بەخەڵکی عێراق و ناوچەکەو حکومەتەکانی ناوچەکە، وە پەیامێك بدات بە وولاتانی دنیا. بە حکومەتانی ناوچەکە یان ئەوەی کە لەسیاسەتی ئەمەریکیدا ناسراون بە "حکومەتی مارق" دەلێت ئەگەر گوێ ڕایەل نەبن ئەوە چارەنوستانە، بە حکومەتانی دنیای عەرەبو ڕۆژهەلاتی ناوەراست دەلێت، ئەگەر گوێ ڕایەڵ نەبن وەکو ئەوتان بەسەر دێنم. بە وولاتانی زلهیز دەلێت، ئەوە ئەنجامی شەرخوازیو سیاسەتە ملهورەکانمەو من ئاوا رابەریەتیان دەکەم. وە بەخەڵکی عێراق دەلێت چارەنوسی ئێوە من دیاریدەکەم. بەهەمان شێوە بۆ حکومەتی بن دەستی ئەمەریکا لە عێراقدا داداگاییکردنەکە پەیامێکە بۆ وەرگرتنی پسولەی"شەرعیەت" و داداگاییکردنی ئەم سەرکوتکەرە ئەم دیکتاتۆرە کە خواستو ویستی خەڵکی عێراقە، ئەمە بۆ ئەم حکومەتە دەبێت بە سەکۆیەك بۆ خۆ قایمکردن. تا ئیرە وە بۆ حکومەتی ئێستای عێراق باسێك نیە لە پەیوەند بە پەیامی ئایندەوە، ئەوەندە نەبێت کە داداگاییکردنە زۆر نهێنیە، ئەمەش مانای سیاسی قولی خۆی هەیە بۆ حکومەتێك کە هیچ بناغەو شەرعیەتێکی خەڵکی پێ نیەو لە لایەکی تریشەوە ئەم مەسەلەیە کراوەیە لە سەنتەری کیبەرکێی نێوان بزوتنەوە کۆمەلایەتیە جیاوازەکاندا قەراری گرتوە.

***دادگایی صدام حسین، مەیدانێکی کێبەرکێی سیاسیە لەسەر دەسەلاتی ئاییندە!**

دادگاییکردنی صدامو سەرانی بەعس خواستو داوایەکی فراوانی جەماوەری بەش مەینەتی عێراقو ئازادیخوازانی جیهانە. تاوانو هۆلۆکۆستەکانی صدامو ڕژێمەکەی 25ملیۆن ئینسانی عێراقی ئەسیرو بێچارە راگرتبوو لە کەشوهەوایەکی خنکێنەری سەرکوتو داپلۆسینو جەنگو ئیعدامو زیندانیکردنو بێمافی سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتیدا. ئەگەر ئەنفالو کیمیاباران نمونەیەكو لایەنێکی بەرجەستەی تاوانەکانی بێت، ئەوا سەپاندنی بێ مافی لە ڕادەبەرو تا ئاستی مامەلەکردنی هاوولاتیانی عێراق وەکو کۆیلەو رەعیەت لایەنێکی تری تاوانەکانیەتی کە ئەمەریکاو لایەنو هێزە ڕاستەکانو میدیای بەکرێگیراویان بەهیچ جۆرێك ئاماژەی پێناکەن. بەم پێیە داداگاییکردنی صدام حسینو سەرانی بەعس تا ڕادەیەکی زۆر لە دادگاییکردنی سەرانی نازی ئەلمانیا دەچێت لەباری ئۆبژیکتیڤەوە. بۆیە ئەم مەیدانە واتە مەیدانی داداگاییکردنی صدام حسین وسەرانی ڕژێمەکەی لە ئێستای عێراقدا بۆتە مەیدانێك بۆ یەکلاکردنەوەی جۆرو پێکهاتەو پرنسیبەکانی حکومەتی ئاینده

له عێراقدا، بۆته سەنتەرێك له پلیمیكی سیاسی لەنێوان ڕوانگەو بوچونه جیاوازەكانو هەلوێستی سیاسی هیزو بزوتنەوە كۆمەلایەتیەكان، لەهەمانكاتدا داداگاییكردنیان و پرنسیبو شێوەی داداگایكردنەكەیانو جۆری سزایەك كه پێویسته بدرێن، بۆته مەیدانێكی گەرمی بۆچونو هەلوێسته جیاوازەكان.

ئەنجامی دادگاییكردنی صدامو سەرانی رژێمەكەیو شێوەی بەرێوەبردنی داداگاكەو پرنسیبی بەكارهاتوو تیایدا، ئەو پەیامەیه كه ئەنجامی كێشمەكێشێكی تا ڕادەیەك درێژماوەی نێوان هیزه سیاسیەكانه له پەیوەند به كۆتایهێنان بەستەمو چەوسانەوەو سرینەوەی زوڵمو ستەمی قەومی و بێ مافیەكانی خەلكی عێراق یان دوبارەبونەوەی هەمان ستەمو بێمافی كه لەسایەی رژێمی صدامدا سەپێنرابوو بەسەر خەلكی عێراقدا. لەمبارەوە وه هەر لەئێستاوە ئێمه شاهیدی ئەم كێبەركێو ملاملانێیەین. ناسیونالیزمی عەرەب بەوێنەی بزوتنەوەیەكی ناوچەیی لەئاستی جیهانی عەرەبدا، داداگاییكردنی صدام وەك مەیدانی نمایشكردنی پالەوانبازی خۆی دەبینێت، خۆی بەشەرمەزار نازانێت لەبەرامبەر بەرگری كردن لەو هەموو تاوانو هۆلۆكۆستەی كه رژێمه نەگریسەكەی قەومی عەرەبی ئەنجامی داوەو سەپاندویتی بەسەر خەلكی عێراقدا. ئیسلامی سیاسی بەوێنەی بزوتنەوەیەكی لغاو بەربوو له عێراقدا، داوای فەنای صدام حسین وسەرانی رژێمەكەی دەكات لەرێگای حوكمی ئیعدامەوە، لەم رێگایەوە دەیەوێت جەماوەری ئەسیری شارەكانی باشوری عێراق هەلبخرێنێت، بیانكاته پاشكۆی سیاسەتەكانی خۆی، وه لەم رێگایەوە دەیەوێت، رەمزی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەب له عێراقدا كه پایەگایەكی بەهیزی ئەو بزوتنەوەیەشە، له رێگای حوكمی ئیعدامەوە له ئەرز بدات. مەسەلەی ئەم بزوتنەوەیە تەنها فەنای صدام نیە، چونكه صدام تەواوبوە له نێوان 4 دیواردا قەراری گرتوە، ئیسلامی سیاسی لەم ریگایەوە پەیامی ئیعدامی خۆی دەدات بەكۆمەلگا، له ئێستاوە سەرنجی كۆمەلگا بەلای هەڕەشەو شمشێر دەرهێنانی خۆیدا رادەكێشێتو ڕادەگەیەنێت، كه مخالفینی خۆی "ملحدین" و "كفر" وه كەسانی عیلمانی پیشكەوتوخواز تەنانەت مەشروب فرۆشو خاوەن باڕەكان بەو دەردە دەبات، هەر ئێستا عەصابەكانی صەدر لەشارەكانی باشور بەفراوانی دەستیان كردوە به كوشتنی خاوەن دوكانەكانی مەشروب فرۆشتنو تەقاندنەوەی دوكانەكانیان وبەرۆشنی رایدەگەیەنن، كه حوكمی شەریعەت دەدەن به تەنگەیاندا. ناسیونالیزمی كوردو هێزەكانیشی لەبەرانبەر ئەم مەسەلەیەدا باسو سیاسەتی خۆیان هەیه، ئەوان ئەوەنده پێ لەسەر تاوانكاری صدامو سەرانی رژێمەكەی داداگرن، كه ڕاستەخۆ بەرژەوەندی خۆیان مەیسەر بكات، هێنانەوەی كیمیایی بارانی هەلەبجەو ئەنفالەكانو كاولكردنی لادێكانی

کوردستانو تەعریب کردن نمونەیەك لەتاوانەکانی صدامو سەرانی رژێمەکەیەتیو ئەوان بەوەندە ئیکتفا دەکەن تاکو بیکەنە پسولەی وەرگرتنی ئیمتازێکی زیاتر و وەرقەی فیدرالیزمی قەومی پیێ راکیێشن وەك زەمانیێك لەڕوانگەی خۆیانەوە بۆ دوبارەنەبونەوەی ئەو مەئساتانە.

بەلاّم هەولوێستی هەموو ئەو لایەنانەو ئەمەریکا، ئەوەیە کە داداگایەکی ژێر بەژێرو نهێنی بکرێتو لەمبارەوە هەلوێستی هەموو لایەنە راستەکانی کۆمەلگا چون یەکەو قسەیەك لەوان نابیستین یان رەخنەیەکی ئەو لایەنانە ناخوێنیەوە سەبارەت بە پرۆسیسی نهێنی بونی دادگاییەکە یان پرنسیبێك کە بەکار دەبرێت سەبارەت بە دادگاییکردنی صدامو سەرانی رژێمەکەی. هەروەها باسێك لەوان نابیستین سەبارەت بە مافو زەمانەتەکانی تاوانباران، جا با صدام و پیاوەکانیشی بن.

کۆمۆنیزمی کرێکاریو حزبەکەشی لەبەرانبەر داداگایکردنی صدام و سەرانی رژێمە قەومیو شوفێنیەکەیدا، هەلوێستی رونو ئاشکرای خۆی بۆ کۆمەل راگەیاندوە، دەعوانامەی مەکتەبی سیاسی لە ناوەراستی مانگی مارسدا، هەلوێستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقو بزوتنەوەیەکە، کە دەیەوێت لە داداگاییکردنی صدام حسینەوە مژدەی یاساو دەستورێکی نوێی ئینسانیتر بدات بەخەلکی عێراقو خەلکی عێراقو هەموو ئەو لایەنو هێزانەی بانگەواز کردوە کە بەم دەعوانامەیەوە پەیوەست بن. دەعوانامەی حزب لەمبارەوە بەشێوەیەکی رۆشن جەخت دەکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی ئێستاو ئایندەی خەلکی عێراق لەم دادگایکردنەدا. کە لە بڕگەکانی خوارەوەدا جیاوازییەکانی تیڕوانینو دەعوانامەی حزب لەبەرانبەر بزوتنەوەوهێزەکانی تردا لە چەند محوەرێکی ریشەییدا دەخەمە ڕوو.

***سەبارەت بە تاواناوان چیە؟!**

خالّی یەکەمی ئیمە کە بەڕۆشنی لە دەعوانامەی حزبدا هاتوە، بەجیا لە تیڕوانینی سیاسی بۆ دادگایکردنی صدام وسەرانی رژێمەکەی، کە لەسەرەوە بەشێوەیەکی کورت ئاماژەمان پێکرد، ئەوەیە کە ئیمە چی بەتاوان دەزانین، وە لەمبارەوە جیاوازی ئێمە لەگەڵ هێزو بزوتنەوەکانی تردا چیە؟ ئەوەی تاکو ئیستا سەپێنراوە بەسەر خەلّکو کۆمەلّدا لەلایەن دەسەلاتدارێتی بورژوازییەوە، و کراوەتە یاساو دەستورو کاری پێئەکرێت، بەگشتی

هەمووی لە خزمەت پاراستنی خاوەندارێتی تایبەتی‌و موقدەس بونی ئەم خاوەندارێتیەو دەسەلات‌و یاساو ڕێسایەکە کە ئەم خاوەندارێتیە دەپاریزێت. دیارە ئەم حوکمە گشتی‌یە لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکی‌تر دەگورێت بەپێی هاوسەنگی هێزی نیوان جەماوەری ئازادیخوازو ریکخراوەکانیان، ئامادەیی کۆمۆنیزم‌و حزبەکەی، بزوتنەوەی کرێکاری‌و ریکخراوەکانی... لە وولاتانێکدا کە ئیسلام‌و قەومپەرستی تیایدا سیاسەت‌و فەرهەنگی زالە‌و لەدەستور یاساکانی وولاتدا ئاخنراوە، یان وەکو یاسایەکی نەنوسراو بۆتە فەرهەنگی کۆمەل لە کاری مندالانەوە بگرە تاکو لێدان‌و سوکایەتی پیکردنیان... یان ڕاستەوخۆ لە ریگای یاساوە کۆمەڵە مەسائلێکی زۆر دواکەوتوانەو چاخ ناوەڕاستی‌و کۆنەپەرستانە دەکرێتە یاساو کاری پێدەکرێت، وەکو کوشتنی ژنان، فەرزکردنی حیجاب‌و رەشبگیری‌و قەدەعەکردنی مافە سیاسی‌و مەدەنیەکان وتەنانەت قەدەعەکردنی ئەنتەرێت‌و سەتەلایت‌و.... هەموو ئەمانە بە تاوان بەحساب ناهێنرێت.

تاوان لە ڕونگەی ئێمەوە دەستدرێژی‌یە بۆسەر مافەکانی خەڵك لەلایەن هەرکەس‌و لایەن‌و حکومەتێکەوە بێت. لە ڕوانگەی ئێمەوە تەنها هۆلۆکۆستەکانی حکومەتی بەعس لە ئەنفال و کیمایی باران‌و کاولکاری دێیەکان‌و کوشتنی بەکۆمەل تاوان نیە، دیارە ئەوانە تاوانێکن بە حەقی کۆمەڵگای بەشەری. نەنگیە بۆکۆمەلگای بەشەری ئەو تاوانانە لەسەر خۆی قبول بکات. بەلام ئەوانە تەنها تاوان نین، دەستدرێژی حکومەتی بەعس بۆسەر چینی کرێکارو لێسەندنەوەی مافەکانی و سەپاندنی عەسکەرتاریەت بەسەر کارگەو شوینەکانی کاردا، مەجهود حەربی... بەشێکن لەتاوانە گەورەکانی حکومەتی بەعس. کوشتنی ژنان و قانونی کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی "غسل العاردا"و سەپاندنی پلەدوویی بەسەر ژنانداو کارپێکردنی مندالان و دەستفرۆشی پێیان‌و لێدانیان لە قوتابخانەو لەنێو خێزنداو راپێچکردنیان بۆ نێو کاری سەربازی، بەشێکی ترە لە تاوانە گەورەکانی ئەم حکومەتە هارەی سەرمایە. سەرکوتی سیاسی‌و قەدەعەکردنی ئازادییە سیاسیەکان لە ئازادی رادەربرین‌و پێکهێنانی ئەحزابی سیاسی‌و رێکخراوە جەماوەری‌و پیشەییەکان‌و ئازادی خۆپیشاندان‌و مانگرتن، پاکتاو کردنی قەومی و سیاسەتی تەعریب‌و تەبعیس‌و کارکردن و یاسادانان‌و مامەلەی ئیداری بە ئاپارتایدی قەومی‌و تائفی هەموو ئەمانە تاوانی گەورەی رژێمی قەومی فاشستی بەعسن، کە زۆربەی زۆری ئەم تاوانانەی حکومەتی بەعس لەلایەن هیچ هێزو لایەنێکەوە باس ناکرێت، وە باسی ناکەن. دیارە هۆکەی ڕۆشنە ماهیەتی بورژوازی و بەتایبەت هێزە راستەکانی ئێستای عێراق لەبارەی مافە سیاسی‌و مەدەنیەکانی خەڵکەوە، مافەکانی چینی کرێکارو

جێگاورێگای ژن له نیو کۆمەڵدا وەکو ئینسانێکی کامڵو یەکسان لەگەل پیاودا دژایەتی تەواوی هەیە لەگەل بەرنامەو سیاسەتی تەواوی ئەو هێزانەدا، بۆیە لەمبارەوە نەك فزەیان لێوە نایەت بەڵکو بە هاوپشتی ئەمەریکا لەم بارانەوە هەمان قانونی پێشوو درێژە پێدەدەن.

کەواتە لیستی تاوانەکانی صدام حسینو رژێمەکەی تەنها کوشتو کوشتاری شیعەکانو بەرزانیەکانو ئەنفالو کیمیایی باران و پاکتاوکردنی قەومیو بەرپاکردنی جەنگەکانی نیە، بەلکو هەموو ئەو تاوانانەشە کەلەسەرەوە ئاماژەم پیداون. پێویستە جەماوەری عێراقو کوردستان بەرۆشنی ئەم تاوانانە دیاریبکەنو لەمبارەوە داوای مافی خۆیان بکەن وە شکاتنامەی خۆیان بنوسن. ئەمە دەروازەیەکی فراوانو گرنگە بۆ خەباتی جەماوەری بەش مەینەتو ئازادیخواز تاکو رێگە بگرن لە دوبارەبونەوەی صدامو صدامیزم. چونکە صدام و رژێمەکەی کەسێك و رژێمێك نەبوون لە ئاسمانەوە هاتبن، یان دیاردەیەکی نەشاز بنو قابیلی دوبارەبونەوە نەبن، صدامو رژێمەکەی نوێنەرایەتی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەب بون لە فراوانترین ئاستی خۆیدا.

باسی من لێرەدا ئەوەیە، کە کۆمەڵگای عێراقو هاوولاتیانی عێراق وەبەگشتی خەڵکی دنیا چی بەتاوان دەزانن لەسەر خۆیانو لەسەر مندالەکانیان، چی بەتاوان دەزانن لەسەر ئینسانێك یان جەمعێك لە ئینسان؟ ئەمە پرسیارێکی گرێییەو دەروازەیەکی گرنگە بۆ هاتنەمەیدان وخۆرێکسختن وئاراستەکردنی خەباتی جەماوەری، بۆ گۆرینی یاساو دەستور، بەتایبەت ئێمە لە ئەمرۆی عێراقدا لە قۆناغێکداین کە باڵی راستی کۆمەڵگا بە پشتیوانی ئەمەریکا دەیەوێت دەستورێك بنوسێت، بۆ عێراق. بۆیە خەباتی خەڵکی نارازی عێراق وە ریکخراوە جەماوەرییەکان وە هەموو ئەو هێزو لایەنانەی کە دەیانەوێت تەجروبەی صدامیزم دوبارە نەبێتەوە، پێویستە لەسەریان، کە خەڵکی عێراق بەدەوری ئەم راستیانەدا ریکخراوو ئاراستە بکەن. وە تاوانەکانی صدام تەنها بە ئەنفالو کیمیایی بارانو هەلگیرساندنی جەنگ تەواو نەبێت. ئەمە میحوەرێکی گرنگی مەیدانی خەباتی ئەمرۆی خەڵکی عێراقە، لە پەیوەند بەحکومەتی ئایندەی عێراق، لەپەیوەند بەقانونو دەستورێکەوە کە دەیانەوێت، لە پەیوەند بەخواستو ویستو هیوایەکە کە پیویستیان پێیەتی.

لایەنێك یان کەسێك کە پێی وایە دەبێت خەڵکی عێراق یەکسان بژین بەبێ جیاوازی قەومیو تائیفیو دینی، وە دژی سیاسەتی پاوکتاوکردنی قەومیە، پیویستی بەوە هەیە کە خەبات بکات بۆ ئەوەی دەستوری داهاتوی عێراق دەستورێکی غەیرە قەومیو غەیرە دینی بێت، دەستوریك بیت کە خەڵکی عێراق لەسەر پایەی مافی

هاوولاتیبونی یەکسان بناسێنێت. بەم مانەیەش پێویستی بەوە هەیە صدام حسین وسەرانی رژێمەکەی لەسەر ئەوە داداگایی بکرێن کە ئایارتایدی قەومیان پراتیك کردوە کە دەستورەکەیان بەشێوەیەك دارشتوە کە بوار بکاتەوە بۆ قەتلو عامی ئەنفالو کیمیایی باران. بەلام باسی ئەنفال وکیمیایی باران بەبێ لە بەرچاوگرتنی فکرو سیاسەتو دەستورێك کە صدام ورژێمەکەی کاریان پێکردوە لەعێراقدا ناتوانێت رێگا بگرێت لە دوبارە بونەوەی ئەو جینوسایدە.

***بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەب تاوانباری ئەصلی!**

خالێکی تری باسی ئێمە ئەوەیە، کە تاوان پرۆسەیەك نیە بەبێ هۆ، بەبێ فکرو لێکدانەوەو نەهج. بۆ حکومەتو دەسەلات، فکرو نەهجی سیاسی خۆی دەکاتە کۆمەلە یاساو دەستورێك، صدامو رژێمەکەشی هەر وایان کرد. تاوانەکانی صدامو سەرانی رژێمەکەی تاوانبارێکی "نورمال" نیین، کەسەرنجی کۆمەلگای بەشەرییان رانەکێشابێت. ئەوان بەشێوەیەکی سیستماتیك خەریکی سەرکوتی بەردەوام بوون دژ بە ئازادیە سیاسیو مەدەنیەکان، تەواوی ئەحزابی سیاسیان قەدەغەکرد، تەواوی رۆژنامەو گۆڤارو نوسینیان قەدەغە کرد کەلەگەل بۆچونی خۆیاندا نەهاتایەتەوە، تەنانەت سەتەلایتو ئەنتەرنیت یش قەدەغەکران، پێکهێنانی ریکخراوەی یشەییو جەماوەری قەدەغەکران. هەموو ئەوانە نەك هەر تەنها قەدەغەکران بەلکو هەرکەسو لایەنێك دەستی بۆ ببردایە یان دەبوایە بەنهێنی تەواوەوە کاری بکردایە یان دەبوایە بچویایە شاخ و دەرەوەی وولات یان ئیعدام دەکرا. وە بەشێوەیەکی سیستماتیك سیاسەتی پاوکتاوکردنی قەومی پیادەکرد لە تەعریب و راگوستنو کاولکردنی دێیەکانی کوردستان. وە بێ گوێدانە هیچ مەیلو خواستو داوایەکی خەلکی عێراق شەری نێو خۆی عێراقی هەلگیرساند، جەنگی ئیرانو عێراقو پەلاماری کویتو جەنگی ئاخری لەگەل ئەمەریکادا... بۆ ئەو خەلکی عێراق وەك رەعیەتو کۆیلە وابون، حەقیان نەبوو کە لەسەر هیچ مەسائلیك کە پەیوەندی هەبوو بە ژیانو مەرگی خۆشیانەوە قسەیەك بکەن.

ئەمە ئیتر "دزین"ی قتویەك شیر نیە، یان دزینی چەند سەد دۆلارێك نیە کە کەسێك لە بەر نەبونی پەنا ببات بۆی. بەلکو راستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە فکرو سیاسەتێکەوە کە مۆتیڤی ئەصلی بەرەو پێشبردنی ئەو تاوانانەیە. ناسیونالیزمی عەرەب وە فکری قەومی عەرەبی ئەو بناغەو فکرو نەهجەیە کە صدامو رژێمەکەی خۆیان لەسەر

دروستکردبوو، وە تاماوەیەکی زۆر لە دنیای عەرەبدا بە "پاریزەری دەروازەی رۆژهەلاتی دنیای عەرەب" ناو دەبرا، وە لەسەر هەمان فکرو سیاسەت خەڵکی عێراقی دابەشکردبوو بە سەر نەتەوەو ئەقوامی جیاوازدا، وە بەپێی ئەو دابەشکردنە پلە یەك‌و دوو سێی بۆ هاوولاتیان دانابوو، لەسەر ئەساسی قەومیەت، وە ئەمەی وەك ماددەیەکی دەستورە کاتیەکەی نوسیبوو. تاوانەکانی صدام‌و رژێمەکەی لە پەیوەند بە بێ مافیەکانی خەلکی عێراقەوە، لە پەیوەند بە ئەنفال‌و کمیایی باران‌و پاکتاوکردنی قەومیەوە، بناغەکەی بیرو بوچونی ناسیونالیزمی عەرەبە، بەم پێیە ناسیونالیزمی عەرەب بە ناونیشانی بزوتنەوەو فکرو سیاسەت‌و بەرنامە تاوانبارە. هەروەك چۆن لە ئیختیالاتی سیاسیدا تەنها بکوژەکە تاوانبار نیە بەلکو ئەو لایەن‌و هێزەش تاوانبارە کە رایان سپاردوە وە تاوانبارانی ئەصلی بەبروای من لایەنەکەیە نەك بکوژەکە، بەهەمان شێوە لیرەشدا موتیڤی ئەصلی کە ناسیونالیزمی عەرەبە تاوانبارە، بەتایبەت ناسیونالیزمی عەرەب چ لەئاستی حکومەتەکانیدا لەدنیای عەرەب ج لە ئاستی رۆشنبیرو بیریارانیدا بێ دەنگ بون لەبەرامبەر تاوانەکانی صدام‌و رژێمەکەیدا. ناکرێت لە خۆتەقاندنەوەی ئینسانێکدا کە مۆتیڤەکەی جیهادی ئیسلامیە تەنها ئەوکەسە کە خۆی کوشتوە یان خۆی کردوە بە بۆمبی بەشەری تاوانبار بەحساب بێت بەتایبەت لیرەدا ئیتر تاوانبار مانای واقعی خۆی لەدەست دەدات چونکە بونی خۆی لەدەست داوە. لیرەدا تاوانباری ئەصلی ئیسلام‌و بیری ئیسلامیە، هەرکەسێك پێی وایە یان هەر لایەنێك ئیسلام دابەش دەکات بە توندرەوو میانەرەوو، تەنها دەتوانێت لە ئەنجامدا ئینسانی بومب ریژکراو بدورێتەوە، ئەوەی پێی وایە "ئیخوان ئەلموسلمین " گروپ‌و لایەنێکی میانەڕەوە پاش ماوەیەك سید القوتبیێکی تری بۆ دروست دەبیت، هەروەك چۆن هەموو لایەنە ئیسلامیە سیاسیەکانی ئەمرۆی نێو دنیای عەرەب ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین بناغەکەیان دەگەرێتەوە بۆ ئیخوان موسلمینی مصر و بیری حسن البەنا.

ناسیونالیزمی عەرەب لە ریگای دەستورەوە بەپێی فکرو سیاسەتێك کە بوی عێراقی کردە بەشێك لە نەتەوەی عەرەب، ئەمە ئیتر کاری شەخسی‌و دەرویشی شێخ‌و صۆفی تەریقەتێك نیە، کە شەیدای ئەو دونیا بێت و بەتەپلی شێخ زکر بیگرێت، بەڵکو رێگایەکی سیستماتیك‌و مەنتقی بزوتنەوەو هێزیکە کە رابەرایەتی دەکات. وە لەسەر ئەم پایەش ئەوەی کە 35 ساڵە بەخوێن‌و ئاگر بینیمان پیادەی کرد. لایەنە بورژوازیە راستەکانی ئێستای عێراق و ئەوانەی کە لەحکومەتی ئینقالیدا بەشدارن و ئەوانەش کە لەدەرەوی حکومەتەکەی عەلاوین، باسێکیان نیە لەسەر داداگایی سیاسیانەی ناسیونالیزمی عەرەب، ئەوان مافی خۆیانە، وا بیربکەنەوە بەلام مافی ئەوەیان نیە

که تەجروبەی صدام بەسەر خەلکی عێراقدا دووبارەبکەنەوە. باسێکی وایان نیە چونکە هەندێك لەوهێزانە هەمان نەهجی صدامیان هەیە. ئەوەتا عەلاوی لە رۆژنامەی السفیری لوبنانیدا لەرۆژی 26ی تەموزدا بە ئاشکرا دەلیت "عێراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب" ئیتر موحاکەمەی صدام بۆ ئەو وە ئەوانەی وەکوو ئەو بیر دەکەنەوە تەنها دەبیت بە خۆقایم کردنی کورسیەکانی خۆیان بەکۆمەلێك درۆو دەلەسەی دیموکراتیو مافی مرۆڤو شتی پوچی لەم بابەتەو لە راستیدا بۆ بەقانونی کردنەوەی سزای ئیعدام. بۆ ناسیونالیزمی کورد کە چەندین سالّی شاخی بردە سەر بەهۆی حکومەتەکەی ناسیونالیزمی عەرەبەوە، ئەویش کۆسپی ئەصلی بیری نەتەوایەتی عەرەب نیە، ئەو دەیەوێت ناسیونالیزمی عەرەب شەریکی بکات لەدەسەلاتی عێراقدا. بەمانایەکی تر ئەو دەیەوێت ناسیونالیزمی عەرەب بەشێك لە تاوانەکانی دوبارەنەکاتەوە وەکو ئەنفال وپاکتاوکردنی قەومی و هەلەبجە.. تاوانەکانی تر وەکو سەرکوتی مافە سیاسیو مەدەنیەکانی خەلکی عێراق، کوشتنی ژنان، سەرکوتی مندالان، لای ناسیونالیزمی کورد تاوان نین، ئەوە نیيە چەند سالّە لە ژێر دەسەلاتی خۆیدا ئیدامە یان پێ دەدات. ئەوەندەی بگەرێتەوە بۆ ئیسلامی سیاسی شیعی، باسی ئەو تەنها ئەوەیە کە حکومەتی بەعس دژ بە شیعە بوەو تائیفی بوە، ئەگینا ئیسلامی سیاسی کۆسپی نیە لەگەل ئەنفالو کیمیایی باران و پاتاوکردنی قەومی، ئەوە مافە سیاسی و مەدەنیەکانی کاتی حکومەتی بەعسی پێ زۆر زۆر بوەو کوشتنی ژنانی پێکەم بوە. بەلام ناسیونالیزمی عەرەب بەگشتی وەکو بزوتنەوە دیفاع لە صدام و سەرانی رژێمەکەی دەکەن، لەروانگەی ئەوانەوە داداگایی صدام مەیدانێکی روبەروبونەوەی پالەوانی بزوتنەوەکەیانە لەگەل ئەمەریکاد، ئەمە ئیتر بۆگەنی ناسیونالیزمی عەرەب پەرت دەکات بەهەموو لایەکدا، فاشیەتی ئەم بزوتنەوەیەو هێزەکانی تائەوپەری نیشان دەدات.

### *ئاشکرابونی داداگاییکردنی صدامو سەرانی رژێمەکەی

داداگاییکردنی ئاشکرا لە عێراقی ئێستادا ممکن نیە مەیسەر بێت، لە سایەی دەسەلاتی حکومەتی بن دەستی ئەمەریکاو دەسەلاتی یەکانەی ئەمەریکادا بەسەر تەواوی کاروباری حکومەتی ئینتقالیدا. مەسەلەی ئەوان لە داداگاییکردنی نهێنی رۆشنە، صدامو سەرانی رژێمەکەی 35 سالً لەسەر کورسی دەسەلات بوون. لەم ماوەیەدا چەندین کاروباری نهێنیو دیبلوماسی نهێنی ئەنجامدراوە بەپشتیوانی بێ دریغی ئەمەریکاو غەرەب و هەندێ هێزی نێو خۆی عێراق، وەهەندی هێزو کەسایەتی نێو حکومەتی ئێستا. ئاشکرابونی داداگاییەگە بەمانایەك

ئاشکرابونی هەموو ئەو دۆکۆمێنتو نهێنیانە دەخاتە بەر دەم مەترسی ئاشکرابونەوەو بەم پێیەش ریسەکەیان لێ دەبێتەوە بەخوری. ئەوەی کە تەکنۆلۆجیاو چەکی کیمیایی دایە دەست صدام وحکومەتەکەی ئەمەریکاو غەرب بوو، لەمبارەوە ئەلەمانیا بەرەسمی داوای لێبوردنی کرد لە خەڵکی هەلەبجە. رامسفێلد لە ساڵی 1983دا لە عێراق چاوی بە صدام کەوتوەو لەمبارەوە چەندین نوسین ودۆکۆمێنیت، هەیە کە هاتنەکەی بۆ عێراق، پەیوەند بوە بە دانی چەکی کۆمەڵ کوژ، بەجیا لەمە لەنیو هێزە راستەکانی ئەمرۆی عێراقدا بەدەیان مەلەفچی هەن کە هەندێکیان خاوەن پۆستی بەرزی حکومەتی ئێستان، ئاشکرابونی هەموو ئەوانە دەبێتە خەتەرێکی گەورە بۆ ئەمەریکاو حکومەتی بندەستی لەعێراقدا. ئەوەی کە ئێستا پێی دەلێن داداگاییکردنی ئاشکرا، یەکێکە لەگەورەترین درۆکانی مێژوو بەراستی رویەکی قایمی دەیەوێت، درۆی وا گەورە بکرێت. لە هەموو ئەوانە گرنگتر داداگاییکردنی ئاشکرا دەبێتە هۆی ئەوەی پای چەندین کەسی تر لەوانە بۆش وبلێر بکێشێتە نیو دادگاوە، کە ئەمەیان ئیتر خەتەریکی گەورە بۆ ئەمەریکاو تەواوی غەرب دروست دەکات، تەواوی سستەمی ئایدۆلۆژیو فکریان لە دیموکراتی ومافی مرۆڤەوە کە خۆی ریسوا بوە، دەبات بە ئاسماندا، بۆیە دداگاییکردنی ئاشکرا لەمرۆی عیراقدا مەیسەر نابێت.

بەم پێیە هەروەك لە دەعوانامەی مەکتەبی سیاسی حیزبدا هاتوە، ئێمە تەرحێکی عەمەلیو گونجاومان داوە بۆئەوەی هەموو تاوانەکانی صدام وحەقیقەتی تاوانەکانو تەفاصلیی تاوانەکانو هەموو ئەوهێزو لایەنو حکومەتانەی کە لەپشتیەوە وەستاون بۆ خەلك رون ببێتەوە بۆ ئەوەی ناسیونالیزمی عەرەب لە باری سیاسیەوە داداگایی بکریت، بۆئەوەی صدام حسین وەکو پالەوانێکی قەومی عەرەبی شەرمەزاربێتو ناسیونالیزمی عەرەبیش ببێتە شەرمەزاری، بەجۆرێك کە تەنانەت لەلایەن ناسیونالیزمی عەرەبیشەوە پاریزگاری لێ نەکرێت وبەشەرمەزاری بزانێت کە پاریزگاری لێ بکات. ئەویش بە داداگاییکردنی صدامو سەرانی رژێمەکەی لە داداگایەکی نێو نەتەوەییدا، داداگایەك هەم مونصفو عادلانە بێتو مافی تەواو بدات بە صدامو سەرانی رژێمەکەی لە دیفاع کردن لەخۆیان بەهۆی پاریزەرانەوە بێت یان راستەوخۆ بەهۆی خۆیانەوە، مافی تەواوی بداتێ لە پەیوەندی گرتن بە هەرکەسێك کە دەیەوێت و پێی وایە دەتوانێت پارێزگاری لێ بکات. وە لەباری جێگاو رێگایەوە لەزینداندا پێویستە لە هەموو شتێك بەهەرمەند بێتو دەستی بگات بەهەموو وەسائلێکی هەواڵو خوێندنەوەو بینینی خێزانو منداڵەکانی. لەهەمان کاتدا بواری تەواو بکاتەوە بۆ وەرگرتنی تەواوی دەعواو

شکاتنامەکانو بوار بدات بە ئاشکرابونی تەواوی داداگاییەکە بە تەفاصیلی وردەوە. تەنها لەم ریگایەوە خەڵکی عێراق وە کوردستان دەتوانن بگەنە حەقیقەتی تاوانەکانی صدامو سەرانی رژێمەکەی. بەبێ ئاشکرابونی داداگاییەکەو بەبێ گواستنەوەی بۆ داداگایەکی نیونەتەوەیی موحاکەمەی صدام دەبێتە لوغزێك کە تەنها خەڵکی عێراق تیایدا زەرەرمەند دەبنو ناسیونالیزمی عەرەبیش وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێتو ئەمجارەیان عەلاوی یان کەسێکی تری وەکو ئەو جیگای صدام دەگرنەوە، هەر ئێستا عەلاوی بەبروای من دەستی پێکردوە "عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب" لەخۆوە نایەت و قسە فرێ دانێك نیە، بەڵکو رازی کردن بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەبە بۆ ئەوەی شانسی بداتێ بەردەوام بێت، وە بەم قسەیەی دەیەوێت ئۆکەی لەم بزوتنەوەیە وەربگرێت، کەرۆشنە بەم قسەیەی شەقێکی گەورەی لە قانونی دەولەی مەرحەلەی ئینتقالی عیراقیش داوە.

### **حکومەتی ئینتقالی ناتوانێت دادگایی صدام وسەرانی رژێمەکەی بکات*

خالێکی تر کە لە دەعوانامەکەی حزبدا هاتوە، ئەوەیە کە کام لایەن دەتوانێت داداگایی صدام بکات؟ بەرۆشنی ئەوە هاتوە کە "مەجلیسی حوکم" (ئەوکات مەجلیسی حوکم هەبوو) وە ئەمەریکا لایەنێك نین کە مافی ئەوەیان هەبێت داداگایی صدامو سەرانی بەعس بکەن. ئەمەریکا وەکو هێزێکی داگیرکەر هەرگیز بۆی نیە ئەو کارەبکات، ئێستا بەروکەش وادیارە حکومەتی ئینتقالی دادگایی صدام دەکات بەلام لەراستیدا سەرانی ئینتقالی دەبێت پسولەی ئەمەریکیان پێ بێت تەنانەت بۆ بینینی صدامیش، بەجیا لەوە حکومەتی ئەمەریکا خۆی تاوانەکانی کەمتر نیە لە صدامو دارودەستەکەی، هۆلۆکۆستی ئابلوقەی ئابوریو بەرپاکردنی جەنگی دژ بە عێراق، پێدانی چەكو چەکی کیمیاییو تفاقی جەنگی بەحکومەتی صدام، هەموو ئەم خالانە بەڵگەیەکی واقعیو حاشا هەلنەگرن کە ئەمەریکا هیچ مافێکی نیە بەسەر داداگاییکردنی صدامو سەرانی رژێمەکەیەوە. حکومەتی ئینتقالی ئێستا بەجیا لەوەی هیچ شەرعیەتێکی جەماوەری نیە، بەجیا لەوەی کە هەلبژێردراونیەو رەبتی نیە بە خواستو بەرژەوەندییەکانی خەڵکی عێراقەوە، بەشێك لە هێزەکانی وە سەرانی ئینقالی خۆیان تاوانبارن لە فەرزکردنی سیاسەتی ئابلوقەی ئابوریدا، لە هەلگیرساندنی جەنگدا، ئەمە بەجیا لەوەی کە هەندێکیان هاوکاری صدامو حکومەتەکەی بونو ناوبەناو لە ژێریشەوە پەیوەندیان بوە. بەم پێیە داداگاییەك کە ئێستا دەکرێت، زیاتر

له كاريكاتۆريك دەچێت، وەك لەوەی لە داداگایی تاوانبارانێك بچێت كە خاوەنی رەشترین مەلەفن لە مێژووی هاوچەرخدا.

له كاتێكدا كه خەڵكی عێراق، وه حكومەتێك كه راستەخۆ نوێنەرایەتی خەڵكی عێراق بكات مەوجود نیه، حكومەتێك كه واقعەن بەرژەوەندییەكانی خەڵكی عێراق پاریزگاری لیٚ بكات له مافه مەدەنیو سیاسیەكانو لەمافی هاوولاتیبونی یەكسان، ... له كاتێكی وادا ناكرێت صدام لەلایەن حكومەتی ئینتقالی ئیستاو ئەمەریكاوە دادگایی بكرێت، ئەمە داداگایكردنی میژوە بە لنگەو قوچی. هێزە راستەكانی عێراق بە ئیسلامی وقەومیەوە لە ناوەوەو دەرەوەی ئینتقالی باسێكیان نیە لەسەر ئەم مەسەلە گرنگە، ئەوان خۆیان پێویستیان بەوە هەیە كە داددگایكردن بەم شێوەیە بێت كە ئێستا دەبرێتە رێوە، بە حوكمی ئەو هۆیانەی باسمان كرد، پێویستیان بەوە هەیە كە داداگا نهێنی بێت. تاكو ددگاییكردن لە ژێر ركێفی ئینتقالی و ئەمەریكادا بچێتە پێشەوە نە دەتوانێت داداگایەكی عادلانەو مونصف بێت، نە پرنسیبی ئینسانی جێگایەكی دەبێتەوە، نە ئاشكرابونی داداگاكەو دەركەوتنی راستیەكان. جەماوەری ئازادیخوازی عێراق پێویستە لەمبارەوە هەلوێستی سیاسی و حوزوری عەمەلی خۆیان نیشان بدەن، كە داداگایی صدامو سەرانی رژێمەكەی پەیوەندی هەیە بەئایندەی خۆیانەوە، بۆیە لە ئێستادا پێویستە بدرێتە داداگاییەكی نێونەتەوەیی كە بتوانیٚ لایەنی كەمی خواستەكانی خەلكی عێراق دابین بكات لەمبارەوە.

***وەڵامی سزای ئیعدام بە صدامو سەرانی رژێمەكەی!***

ئیعدام وە شێوەكانی لەناوبردنی ئینسان وەكو سزایەك بەدرێژایی مێژوو سزای چینە داراكان بوە بەرانبەر چینە بن دەستەكان. ئەم سزایە لە ئەمرۆی جیهانی هاوچەرخدا پەیامی بورژوازیو سەرمایەیە بەتایبەت لەوولاتانی بن دەستی ئیمپریالستیدا، بۆ ترساندنی چینی كرێكارو خەلكی زەحمەتكێش، پەیامی سەرمایەداری ئەمرۆیە بە رابەرانو هەلسوراوانی بزوتنەوەی چینایەتی كرێكارو كۆمۆنیستو چەپو خەلكی نارازی، كە لە شوێنی خۆیان دابنیشنو سەرمایەو سەرمایەدرایو خاوەندارێتی تایبەت نەخەنە مەترسیەوە، دەسەلاتەكەیان نەبەنە ژێر پرسیارەوە، ئەمە هەمیشە وە بەدرێژایی مێژوو، وەك شمشێریك راگیراوە بەسەر سەری نارازیانەوە لەسیستەمی مەوجود. صدامو رژێمە فاشستەكەی بە درێژایی تەمەنی نەگریسی لەسەر حوكم دەیان هەزار ئینسانی ئیعدام

کرد، دەیان هەزاری تریشی ڕەمی کرد، بۆ تۆقاندنی باقی ناڕازیان بۆ تۆقاندنی کۆمەلگا بەگشتی، بۆئەوەی کەس جورئەت نەکات بەرانبەر بە دەسەلاتەکەی ناڕەزایەتی دەربرێت. ئیعدام کردن کوشتنی قانونی ئینسانێکە لە لایەن دەولەتەوە، لەمبارەوە جیاوازییەك نیە لەوەی کەسێك کەسێکی تر دەکوژێت، پاشان لەلایەن هەمان دەولەتەوە سزا دەکرێت کە خۆی بەشێوەیەکی قانونیو سیستماتیك بەقانون خەڵك دەکوژێت. بەتایبەت ئیعدام لە دنیای ئەمڕۆدا بۆ تاوانی کوشتنی ئینسان زۆر کەمتر بەکاردێت، لەباری واقعییەوە، هەموو ئەو دەولەتانەی کە سزای ئیعدام قانونیە لایان ئیعدام کردن بەرانبەر بە ئۆپۆزیسیونی خۆیان بەکار دەبەن، بەرانبەر بە ناڕازیان لە حوکمی خۆیان بەکار دەبەن، سەرنج بدەنە سزای ئیعدامو سەدو پەنجا هەزار ئیعدامی جمهوری ئیسلامی ئێران. بەبروای من نا بێت هیچ ئینسانێك وە بە بیانوی هیچ تاوانێك کە کردویەتی سزای ئیعدام بدرێت. ئێمە بە ڕۆشنی دەڵێین صدام نابێت ئیعدام بکرێت، کە خاوەنی یەکێك لە گەورەترین دوسیەکانی تاوانە لەمێژودا، چونکە بەجیا لەلایەنی فەنای فیزیکی ئینسان، دەمانەوێت بە دورخستنەوەی صدام وسەرانی رژێمەکەی لەم سزایە، ئیتر هیچ حکومەتێك لە عێراقدا وەهیچ دەستورێکی عێراق، جورئەتی ئەوە نەکات کە ناوی سزای ئیعدام بهێنێت لەبەرانبەر ناڕازیانی خۆیدا، لە بەرانبەر ئازادیخوازو کۆمۆنیستو چەپەکاندا، لە بەرانبەر نوسەرانی سکولارو مۆدریندا، کاتێك کە حوکمی ئیعدام بەو هەموو تاوانەوە لە صدام وسەرانی رژێمەکەی دور دەخرێتەوە، ئیتر بۆ هەر حکومەتێکی عێراقی زۆر گران دەبێت کە جورئەت بکات سزای ئیعدام نەك بەکار بهێنێت بەلکو ناویشی بهێنیت لە بەرانبەر هیچ کەسێکی ئۆپۆزسیۆنی خۆیدا. ئەمە لایەنێکی سیاسی گرنگە بۆ هەموو ئەو ئینسانو لایەنانەی کە دەیانەوێت، ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، لە پێناو ژیانێکی ئازادو یەکساندا بۆ کۆمەڵگای بەشەری وە بۆ خەڵکی عێراق. پەیامێك کە جار بەجار عەلاوی باسی دەکاتو داوای گێڕانەوەی حوکمی ئیعدام دەکات، لە خۆوە نیە، ئەو دەزانێت کە دەسەلاتەکەی چۆن دەبێت، دەزانێت دەسەلاتێك کە پیکهێنراوە بە دەستی ئەمەریکا، بەزۆر پێکەوە لکێنراوە بەپێی سەهمی قەومیو تائیفی، دەزانێت حکومەتەکەی ناتوانێت، وەبۆی نیە کە ئازادیە سیاسیو مەدەنیەکان فەراهەم بکات، بۆیە پێویستی بە سزای ئیعدام هەیە پێویستی بە دانانی خەتی سور هەیە بۆ راگەیاندنو رۆژنامەو رادیۆو تەلەفیزیونو.... بەلاّم ئەوەش دەزانێت کە خەڵکی عێراق چ نەفرەتێکی قوڵیان هەیە لە سزای ئیعدام چونکە پاشماوەیەکی زۆر قێزەونو چەپەڵی حوکمی صدامە، دەیەوێ لە رێگای رقو کینەی خەلکی عێراقو بە سودوەرگرتن لەوە بە داداگاییکردنی صدامو سەرانی رژێمەکەی ئەم سزایە بکاتەوە بەقانونی، ئەگەر ئەم کارە نەکات تازە دوای داداگایی صدام حسین وتەواوبونی سزاکەی بەبێ سزای ئیعدام ئیتر دانانەوەو

بەقانونی کردنی سزای ئیعدام زۆر گران دەوەستێت بۆی. دەبێت خەڵکی عێراق  بەخەباتی یەکگرتوانەی خۆیان ڕێگا نەدەن سزای ئیعدام وە هەر جۆرە ئەشکەنجەیەکی روحیو فیزیکی لە دەستورو یاساکانی عیراقدا جێگای بێتەوە.

***کەمپینی حزب بۆ داداگاییکردنی صدام**

ماوەی 3 مانگ دەبێت کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەگەل چەند رێکخراوی تر، دەستی داوەتە کەمپینێك بۆ داداگاییکردنی صدامو سەرانی بەعس. کەمپینی ئیمە دەبێت زۆر بەرۆشنیو بە مەتینی سیاسی جەسورانەوە تەواوی ئەو محوەرانەی سەرەوە بە خەڵکی عێراق رابگەیەنێت. دەبێت لە لایەن هەڵسوراوانی ئەم کەمپینەوە خەڵکی عێراقو کوردستان بزانن، کە دادگاییکردنی صدامو سەرانی رژێمەکەی کام ئامانجی سیاسی بەدواوەیە، چۆن بەدەوری ئەم کەمپینەدا بزوتنەوەیەك ریکخراوو ئاراستەبکەین، کە خەڵکی ناڕازی عێراق بتوانن بەهۆیەوە مەیدانێکی گەورەو فراوانی جەماوەری بۆ دەست راگەیشتن بە حکومەتی جێگا نیازی  خۆیان فەراهەم بکەن. چۆن لەم مەیدانەوە لە هەوڵی جێخستنی ئامانجو ئارەزوو ویستەکانی خۆیاندا خەبات بکەن، وەچۆن هەولبدەن بە یەکگرتوییو نارەزایەتی خۆیان دەستورو یاسا گەلێك فەرز بکەن، کە لایەنی کەمی داواکارییەکانیان جێبەجێ بکات، لە ئازادییە سیاسەکانەوە بگرە تا مافی هاولاتیبونی یەکسان، تاحکومەتێکیغەیرەقەومیو غەیرەدینی.